

علی

# برادەر



برادەر... من سێبەری خەندەکانی خۆمت پێدەدەم
چون دەمێکە لە ژێر قرچەتاوی لۆمەی مەردمەکان دانیشتوم
ورشەی بن ساباتەکانی میهرت دەدەمێ
با من بە گرمەی گاڵە تفتەکانی ئەوان وڕ و کاس بم

برادەر گیان
شاباڵی شکاوی من بەشی فڕینی تۆی پێوە ماوە
بوخچەی پڕ ئەسەفی من، دەسڕی هەرێنێکی ئەرخەوانی هەر تێدایە
بەروی مەگەزی ژیاندا هەڵیخولێنی
من ئێجگار وا لە هەڵدێرەکانی زەمەن نەگلاوم
نەکارم سێوی چەند نوکتەیەکی پەمەیی بۆتۆ بگرمەوە
وا لە پەل و پۆی شیعر نەکەوتوم
نەتوانم بە چەند دێڕێکی عەیار
پەرژین بە دەوری باخچەکانی شەنگیتدا بکەم..

هۆ برادەر
لە پشت ئەو ئینجانانەدا خۆت مەشارەوە
کە شکۆفەی خەنینی تۆیان تێدا دەڕسکێنم ... برادەر
هەموو دەمێ بە زەمیلەیەکی پڕ هەنجیری وشە
لە باخچەڵەکانی عیرفانی من وەدەرکەوە
هەردەم وەک ئەستێرەیەکی چاو زیت
وەک پەڵە هەورێکی پۆشتە بە بەرگی هەڵم

لە دالانە لێڵەکانی یەئسی منەوە دیاربە
وریابە سەر بە گابەردی سەختی رابردوی مندا نەکێشی
وریابە مێژوی پڕ کەندەلانی ئاسۆی من
لە خۆتت نەخاتە خوارێ...

خاس برادەر
ترس خەرمانەی داوە لە دەورم
دەڵێی ئەو رۆژەیە لە بێشەلانێکی پڕ لە دوکەڵی چارە رەشدا ونتدەکەم
کت و مت دەڵێی ئەو دەمەیە فریا ناکەوم بزەیەکی تاڵت بگرمەوە
دەستم بگاتە کاسەی وەریوی گوڵی چپەیەکت
وەک زەرِنەقوتەیەکی دەنوک ئاڵ لە لاسکە رەقەکانی رۆژگار دەترسم برادەر
وەک جوجەڵەیەکی باڵ خونچە
لە داڵە چنگ تیژەکانی زەمەن
دەترسم شەستەی ئازارێک
لە دەرگاکانی میهرت بدات
باگژەی ئێشێکی نابەڵەد
چنگ لە لاولاوەکانی جەوانیت بئاڵێنێ
زۆر دەترسم برادەر زۆر زۆر..



برادەرم
ئۆباڵی بەر یەک کەوتنی دوو ئەستێرەو
کەوتنی تەرمی هەموو تیشکەکان بە ئەستۆی من
گوناحی مردنی پەنگرەکانی رێگەی سەفەر بە گەردنم
لای من نوسینەوەی حاشیەکانی وەیل ئاسانترە

لە رامان بەدیار شوعلەکانی هەترەشی تۆ
لەلای من خواردنەوەی پێکە زەقنەموتەکانی مەرگ بەچێژترە
لە چێشتنی شیلەی شەرابی دووری تۆ .. برادەر گیان ..

برادەر گیان
ئەو دەمەی پروشەی هەرزەکانی گوزەر، شێنەیی تۆیان دەشەمزاند
من دڵم دەدایەوە برادەر
ئەو کاتەی بە ئاراستەی رووباری مروەتدا روەو سەحەری ئەوین دەکشای
هەناسەی خۆم دەخستە سەر نەزمی رەشەبا
تا چقڵەکانی ئەم پاییزە وەرسە لە گەڵاکانی پەنجەت نەچەقن
هەردەم دەستێکم بە رووی تیشکەکانی نەزەرەوە دەنا
تا قاچت لە عیشق نەترازێ
تا نەکەویە بەر هاڵاوی لەزەتی جەنگاوەرانی گومان
برادەر گیان لەسەر رێی کەنەفتیتەوە چەپەری ئومێدم دەچنی
بێ پەروا دەهاتمە پەرێزی غەمگینیتەوەو
پەڵاشی ئەسەفی تۆم روەو مەغریب رادەماڵی..

تۆ دەکەویتەوە سەر رەوتی زەمان و
من هەروا لە جێگای خۆم تای ئەو بێ موبالاتیەت بەرم نادا
تۆ یەک بە یەک درِ بە چرکەکانی وەخت دەدەی برادەر
کەچی من لە عەسری رۆژێکی چارەگراندا حاسێ دەبم
تۆ بە خێرایی سەبا لەو تەلانە دەردەبەی.. کەسێ من
کەچی شەماڵی هەناسەیەک من ناباتە دیار گوڵخەنە پەمەییەکانی ژیان..

شیعر



به دزی مەرگەوە، لە دوا پێچی کۆڵانەکانی پیری
بێ پرس کردن بە زەین، لە دوا شەقەی باڵ بە یەکدادانی هۆشم
لە بندێڕی هەمو واژەکانی خەزەڵ
بە بەرچنێک هێشوی مێوە لێو مزرەکانی رۆحم
لەسەر هەمو رێگە تۆسنەکانی سەفەر چاو لە رێتم
بەکوێدا دەڕۆی برادەر؟...

برادەری من
کۆڵی مەینەتیەکانت دەنێمە سەر شانی بێکەسیم
لە پشتی هەموو دەرگاکانی لاویمەوە خۆم نیشانی پیریت دەدەم
مەرگت لە دالانەکە رادەگرم
بەو هەموو بێ دەربەستیەوە
جارێک لێت ناپرسم چی تۆی گەیاندە حەوشە خاپورەکەی خەیاڵی من
برادەر گیان
من ئێستا بە زمانی پاساریەکان جریوەم دێ
بە زاراوەی کۆترەکان گمەم لێ دەوەشێ
نامەوێ چیدی چەپکی شیعر
لە چنگە لەرزۆکەکانی شەرمدا بپلوێنم
گەرەکمە بە لەهجەی کارێزەکانەوە پێت بێژم
بەبێ تۆ  سولی هیچ شعرێکم هەڵناڕژێ
دەمهەوێ بە زمانی هەورەکان بڵێم
بێ تۆ، یەک دڵۆپەی بارانی میهرم ناتکێ..







**سدیق عەلی**

-خاوەنی چەندین خەڵاتی پێشبڕکێ و فیستڤاڵی ئەدەبییە.

-زیاتر لە 18 ساڵە شیعر دەنوسێت.

- چوارکۆمەڵەی شیعری چاپکراوی هەیە.

# بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا بۆ فكرو لێكۆڵینەوە











دەزگای ئایدیا بۆ فكرو لێكۆڵینەوە

07701955044 - 0533300391

www.ideafoundation.co
ideafoun.@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea


یاشار کەماڵ